# بۆچی گەلی کورد تائێستا نەیتوانیوە دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ

## جەنگی دەروونی داگیرکەرانی کوردستان دژی گەلی کورد تائێستاش گەورەترین کاریگەرە بۆ رێگەگرتن لە دەوڵەتی کوردی



نووسینی : د.جەواد مەلا

## " رامیاری پاشکۆیەتی بۆ بێگانە کە کۆمەڵگەی کوردی هەر لەرووخانی ئیمپراتۆریەتی میدەوە دووچاری بووەو تائێستاش پێی دەناڵێنێ "

گەلی کورد بوونێکی مێژوویی رەسەنی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ و خاوەنی چەندین دەوڵەت و ئیمپراتۆریەت بووەو شارستانیەتی تەواوی بنیاتناوە کە چەندین ئایینی وەك ئێزدی و زەردەشتی و مانی و پارسانی و عەلەوی و ئایینی دی لێ بوەتەوە کە لەکۆنەوە تائێستاش بەزمانی کوردی مەراسیمەکانیان بەرپا دەکەن و سەرکردایەتی رامیاری و بەڕێوەبەرایەتی ئایینی بەدەست گەلی کوردەوە بوە هەروەك رژێمی سەربازی و رامیاری و بەڕێوەبەرایەتی و معماری و ئابووری تایبەت بە شارستانیەتی کورد باڵی بەسەر تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی تاوەڕاستدا کێشابوو، ئەم بارەش بەردەوام بوو تاکو ئیمپراتۆریەتی میدیەکان لەلایەن هاوپەیمانییێکی فارسی= بابلییەوە لە ٥٥٠پ.ز رووخێنرا کە وەك هاوپەیمانیەتەکەی فارسی= ئێراقی ١٩٧٥ وابوو، بەلاّم بەجیاوازی زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ بەلاّم هەمان ئامانجیان هەبوو کە نەهێشتنی بوونی رامیاری و شارستانیەتی رەسەنی کورد بووە.

رووخانی ئیمپراتۆریەتی مید بووە هۆی لەدەستدانی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کوردو هەرچەندە میرە کوردەکان هەندێك سەربەخۆیی ناوخۆییان بەدرێژایی مێژوو هەر هەبوو، بەلاّم رووخانی ئیمپراتۆریەتی مید نیشانەیێکی شووم بوو، چونکە فەرمانڕەوایی میرنشینە کوردەکان کورت و دەوڵەت و حکومەتە کوردەکان زۆریان نەدەخایاند. لەهەموویان درێژخایەنتر دەوڵەتی ئەیوبی بوو کە ٧٠ ساڵ بەردەوام بوو. جارجارە کورد فەرمانڕەوایی کوردستانیان کردووە، بەلاّم بێئەوەی گوێ بدەنە ئاسایشی نەتەوایەتی کورد یان تەنانەت

بنیاتنانی ستراتیژییەکی نەتەوایەتی کە لەرووخانی دواڕۆژ بیانپارێزێت هەروەك ئیمپراتۆریەتەکانی دی فارسی و تورکی و عەرەبی، کە چەندین سەدە لە کوردستان و وڵاتانی دی رامیاری بەعەرەبکردن و بەتورککردن و بەفارسکردنیان پەیڕەو دەکرد کەچی کاتێ کە کوردەکان فەرمانڕەواییان دەکرد هیچ بەکورد کردنێکیان بەکار نەدەهێنا چونکە کاری پیسی رەگەزپەرستانەی وا لەگەڵ شارستانیەت و خووڕەوشتی کورددا ناگونجێت.

بەرواری راستەقینەی لەدەستدانی ئازادی بۆ کورد رۆژی رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدە کە لەو رۆژەوە زانا ئایینیەکانی کوردی زەردەشتی بوون بە پاشکۆی زانا ئایینیەکانی فارسی زەردەشتی کە رۆڵێکی نالەباریان هەبوو لەمامەڵەکردن لەگەڵ گەلی کوردو شێواندنی ئایینی زەردەشتی و کاتێك کە فتوحاتی ئیسلامی دەستی پێکرد فارسەکان رەسەنی ئایینی زەردەشتی و ناواخنەکەیان نەهێشتبوو هەروەك لەتەکیشیدا کەسایەتی رامیاری و شارستانیەتی کورد بۆیە فتوحاتی ئیسلامی توانی لەگەڵ ئەو بەربەریکانی و خوێنە کوردەی کە رژێندرا لە بەرهەڵستی هێزە عەرەبە ئیسلامەکان خۆیان لەکوردستاندا دابمەزرێنن. تائێستاش لەکوردستاندا گۆڕستان و شێوی وا هەن کە پاشماوەی ئەو شەڕە گەرمانەن لەنێوان گەلی کوردو سوپاکانی فەتحی ئیسلامدا روویانداوە. لەناوچەی سلێمانی شێویێك هەیە کە ناوی شێوی سەحابەو ئەوی دیش بەناوی شێوی گاورەکان و تائێستاش گەلی کورد سەردانی گۆڕی ئەو سەحابانە دەکات کە لەو جەنگانەدا لەناوچوون و پاش وەرگرتنی ئایینی ئیسلام کوردەکان لێیان دەپاڕنەوە.

پاش وەگرتنی ئایینی ئیسلامیش پاشکۆیەتی کورد هەر بەردەوام بوو، بەڵام لەچوارچێوەی ئایینێکی نوێداو بەپاشکۆیەتی زانا ئایینیەکانی کوردی ئیسلام بۆ زانا ئایینیەکانی عەرەبی ئیسلام و پاشانیش بۆ تورکەکان هەروەك چۆن زانا ئایینییەکانی کوردی شیعە بوونە پاشکۆی زانا ئایینیەکانی فارسی شیعە. لەسەردەمی نوێشدا دەرەبەگەکانی کوردستان هەر لەسەر ئەو رێڕەوە رۆیشتن تاکو قازانج و نازناوی بەگ و پاشا لەفەرمانڕەوا عەرەب و تورك و فارسەکان وەرگرن. ئەو داگیرکەرانە بەهەموو مەزەب و رەنگێك راستی ئەوەیان شاردەوە کە نەیانهێشتوە گەلی کورد رێگای زانست و پیشەسازی بگرێتە بەرو هەموو توانایان بەکارهێناوە کە هێزێکی رۆشنبیرو پیشەسازکاری کورد دروست نەبێت کە هەمیشە زیاتر هۆشیارن لە شوان و جوتیارو ئەم رامیاریەش چینی بورژوازی لەکوردستاندا لاواز کردووەو وای کردوە کە رۆڵێکی چالاك لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانیدا نەبینێت هەروەك لەوڵاتانی دی روویدا. بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەر بە شپرزەیی مایەوەو رێگای سەربەخۆیی نەدۆزیەوە تاکو کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم کە نەوەیێکی نوێی گەنجانی کوردی هۆشیارترو زاناتر لەکێشەی نیشتیمانی کورددا دەستیان کرد بەکارکردن بۆ رزگاری کوردستان وەك پارتی (ژ.ك)و پارتی کاژیك. ئەم لایەنە خەریك بوو هەرچی بنیاتەکانی مێژوویی داگیرکەرانی کوردستان هەیە پووچەڵیان بکاتەوە بەوەش پاشکۆیەتی بۆ هەتاهەتایە نەهێڵێت، بەڵام داگیرکەران ناچاربوون کە شێوازێکی نوێ بدۆزنەوە تاکو کورد بە پاشکۆیەتی بهێڵنەوە لەبەر ئەوە دۆو دۆشاویان تێکەڵ کردو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیان لەناوەڕۆکی راستەقینەی خۆی بەتاڵکردەوە بەداهێنانی ماف چارەسەری کێشەی کورد لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە داگیرکەری کوردستانن و بەمەرجی دابینکردنی دیموکراسی لەپایتەختەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانداو بەمەش بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کەوتە گێژاوی بازنەییێکی پووچەڵی بێ کۆتایی بۆ خەریککردنی جەماوەری کوردو بەفیڕۆدانی تواناکانیان و ئەو هەلانەی کە بۆ سەربەخۆیی دەڕەخسرێن کە لەم زەمانەیەدا تەنانەت بۆ ئەوانەش دێنەکایەوە کە مافیان نییە. هەر بۆیە پاشکۆیەتی کۆنی کورد بەبەردەوامی مایەوە بەڵام بەشێوازێکی نوێی حزبایەتی و رامیاری و شارستانیانەو لەژێر پەردەیێکی کوردو کوردستانیدا بۆ خستنە داوی نیشتیمانپەروەرانی دیموکراتی کوردو کردنیان بەنێچیرێکی ئاسان و تاکو بەرەزامەندی تەواوی خۆیان ببنە پاشکۆی داواکارانی دیموکراسی عەرەب و تورك و فارس.

بەهەمان شێوەش لایەن و شێوازە رامیاریەکانی دی بۆ ئەوانەی کە پاش ئەو لایەنانەی پێشوو ناکەون وەك لایەنی مارکسی. مارکسیە کوردەکانیش هەر بوون بەپاشکۆی مارکسییەکانی عەرەب و تورك و فارس و تەنانەت هەندێکیشیان بوونە ملکەچی ئەو ولاتانەی کە بازرگانیان بە مارکسیەتەوە دەکرد وەك روسیا و چین و ئەلبانیا.

بەکورتیەکەی: ئایا پاش پاشکۆیەتی زیاتر لە هەزار ساڵ کوردی زەرادەشتی مافی خۆیان وەرگرت؟ یان کوردی موسڵمان پاش هەزارو چوارسەد ساڵ پاشکۆیەتی؟ ئێستاش کێ وا دەزانێت کە دیموکراتی و مارکسیەکانی کورد بەپاشکۆیەتی دیموکرات و مارکسیەکانی عەرەب و تورك و فارس مافی گەلی کورد وەردەگرن. من دەڵێم ئەگەر باوباپیرانی زەردەشتی و موسڵمانیان بەوپەری دڵسۆزی خزمەتی دراوسێکانیان کردبێت و پاش دوو هەزارو چوارسەد ساڵ جگە لە کوشتن و برین و راگواستن و چەوسانەوە هیچیان دەست نەکەوتبێت، چارەنووسی ئەوانیش پاش دوو هەزارو چوارسەد سالی دی لە خزمەتگوزاری دیموکراسی و مارکسیەت لەوە باشتر نابێت.

رامیاری پاشکۆیەتی بۆ بێگانە کە کۆمەڵگەی کوردی هەر لەرووخانی ئیمپراتۆریەتی میدەوە دووچاری بووەو تائێستاش پێی دەناڵێنێ کە زانایانی ئاینی زەردەشتی فارس و موسڵمانانی عەرەب و تورك و فارس بەرپایانکردو هەمیشە بەشێوەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ پشتگیری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیان هەبووە، چونکە پاشکۆیەتی بۆ هەر بیروباوەڕو مەزەبێك بێ هەر لەبەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەدایە کە کوردستانیان داگیرکردووەو بۆ ئەوەیە کە لای کەم ئەو دەوڵەتانە ئیمپراتۆریەتێکی میدی نوێ لەکوردستان نابیننەوە کە هێزو جێگاو توانای خۆی هەبێت.

هەر بۆیەش چەندین سەدەیە ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە جەنگێکی دەروونیان دروستکردووە کە دەڵێت بۆ نموونە کورد ناتوانن دەوڵەتی خۆیان دامەزرێنن، چونکە گەل نین بەڵکو خێڵی جیاجیان و هەندێکیان بۆ رەچەڵەکی عەرەب و فارس یان تورك دەگەرێنەوە یان زمانەکەیان زمان نییە بەڵکو دیالێکتی گۆڕاو لەعەرەبی و فارسی و تورکییەو چەندین وتەی پڕوپووچی دی کە هیچ بناغەیێکی راستیان نییە.

ئەو تۆزە مافانەی کە رێکخراوە کوردەکان ئێستا داوای دەکەن سەرەنجامی ئەو جەنگە دەروونیەیە کە دەوڵەت و رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بەرامبەر گەلی کورد بەرپایانکردوە. ئەوانەی کە دووچاری ئەم جەنگە دەروونییە بوون دەڵێن ولاتانی ناوچە بە ئۆتۆنۆمی رازی نابن چۆن دەتوانن بە دەوڵەتی کوردی رازی بن!!! ئەو رژێمانە کە هەوڵ دەدەن کەسایەتی کورد بشکێنن و شانازی بشێوێنن و دووچاری دوودڵی و شکستی و بێتوانایی و ملکەچی بکەن بارێکی وای پێکهێناوە کە هەندێك رێکخراوو کەسایەتی کورد گاڵتە بە دروشمی سەربەخۆیی دەکەن و مێشکیان لەئاستی بیرکردنەوە لەدەوڵەتی کوردی ئیفلیج بووە تەنانەت کاتێ کە تەنیاشن و بەچوار دیواری بێدەنگ دەورەدراون.

من وابزانم کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە جەنگە دەروونییەکەیاندا دژی گەلی کورد تا رادەیێکی زۆر سەرکەوتوو بوون و دەخوازم لەم بارەیەشەوە چەند نموونەیێك بهێنمەوە:

١- میری کورد بەدرخانی گەورە ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر سەرکەوتنی سەربازی بەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەدەست هێناو دەوڵەتی کوردستانی بۆ زیاتر لە ١٠ ساڵ سەربەخۆ کرد، هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی بنیات ناو تەنانەت پارەی کوردیشی داڕشت. هەروەها میری کورد محەممەدی رواندزیش کە کارگەیێکی دروستکردنی تۆپی دامەزراند هەروەك مەلیکی باشووری کوردستانیش شێخ مەحمودی حەفید کە مەملەکەتی باشووری کوردستانی لەژێر بۆمبارانی فڕۆکەی بەریتانیا راگەیێندرا کەچی ئێستا رێکخراوە کوردەکان بەئازادی لەباشووری کوردستانداو لەژێر پارێزگاری فڕۆکەی بەریتانیاو ئەمریکادا کاردەکەن لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن دەوڵەتێکی کوردی وەك ئەوەی شێخ مەحمودی سەرەتای سەدەی رابردوو رابگەیێنن یان پارەی کوردی داڕێژن یان لەو تۆپانە دروست کەن کە باوانیان پێش چەندین سەدە توانیویانە.

٢- لەساڵی ١٩١٢ هێزێکی سەربازی عوسمانی میر عەبدولرەزاق بەدرخانی لەشاری تەبریزی سەر بە ئیمپراتۆریەتی قاجاری رفاندو بەدەستگیری بردی بۆ تورکیای ئێستا کە ئەوسا بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هەر کە هەواڵ گەیشت بە سەرۆکی بەناوبانگی کورد ئیسماعیل ئاغای شکاك هەڵمەتی برد بۆ رزگارکردنی بێ ئەوەی هیچ خزمایەتییێکی لەگەڵدا هەبێ یان خەڵکی یەك ناوچە یان لەیەك حزب بن، ئیسماعیل ئاغاش نە سەرۆك دەوڵەت یان حکومەتی کوردی بوو بەڵکو سەرۆك خێڵێکی کورد بوو، بەلاّم ئەرکی نەتەوایەتی پاڵی پێوەنا کە سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ببڕێت و بەهێزێکی تەنیا ٤٠ سوارەوە بۆسەیێکیان بۆ ئەو هێزە عوسمانییە دانا کە میر عەبدولرەزاقی دەستگیرکردبوو و هەموویان گرتن و ئیسماعیل ئاغا ویستی هەموویان بکوژێت، بەلاّم میر عەبدولرەزاق تکای لێکرد کە ئەوە نەکات و میر عەبدولرەزاق بەئازادی و سەلامەتی گەڕایەوە بۆ تەبریز (بڕوانە بەڵگەنامەکانی روسیای قەیسەری)، پاش سەد ساڵ لەوە تورك هەمان کار بەرفاندنی بەڕێز عەبدوڵلاّ ئۆچەلان لەکینیا دەکەن، بەلاّم کەس نییە کە رزگاری بکات وەك رزگارکردنەکەی میر عەبدولرەزاق.

٣- پێش سەد ساڵ جەنەرال شەریف پاشا بەشێوازێکی دیپلۆماسیانەی بەرز توانی لەکاتی کۆنگرەی ئاشتی پاریس ١٩١٩ دەوڵەتانی هاوپەیمان قایل بکات و یاداشتنامە بەناوبانگەکەی لەگەڵ نەخشەی کوردستان و ئالاّی کوردستاندا پێشکەشکرد. ئەم دیپلۆماسیەتە بووە هۆی ئیمزاکردنی رێککەوتننامە بەناوبانگەکەی سیڤەر ساڵی ١٩٢٠ کە بەئاشکرا دانی نا بە ماف گەلی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، کەچی ئێستا لە ئەوروپا زیاتر لە ملیۆنێك کورد هەن بەلاّم نەیانتوانیوە ئەوەندە بکەن کە جەنەراڵ شەریف پاشا پێش سەدەیێك بەتەنیا توانی بیکات بێ ئەوەی کۆمپیوتەر یا تەلەفۆن یا فاکسی هەبووبێت.

ئەو نموونانەی سەرەوە بۆمان دەردەخەن کە کەسایەتی کوردی هێزێکی گەورەو پشت بەستوو بەخۆی و وزەییکی پۆلاّیین و ئازادی هەبووە، بەلاّم ئێستاش دەبینین کە لەم رۆژە رەشانەدا کەسایەتی کوردی تووشی شکست بووەو هەرچەندە زۆر کەس هەن کە شەوو رۆژگار دەکەن بۆ ئەوەی ئەو رێگەیەی باووباپیرانمان تەواو بکەن، بەلاّم کەسانێك هەن کە کۆسپیان بۆ دروست دەکەن تاکو رەوتەکەیان خاو بکەنەوە یان بەتەواوی بیوەستێنن.